## بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

**هەرێمی كوردستانی عێراق**
**سەرۆكایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

**بـــەنـــاوی گـــەلـــەوە**
**بـــڕیـــار**
**ژمـــارە (٢١) ســـاڵـــی ٢٠١٠**

بە پێی ئەو دەســەلاَتەی لــە بڕگـەی (١) ی مـاددەی (١٠) ی (یاسـای سـەرۆكایەتی هـەرێمی كوردسـتان – عێـراق)ی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەمواركراو پێمان دراوەو، بە پاڵپشتی ئەو یاساكارییەی پەرلەمانی كوردستان – عێراق كردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (١٧) لە ٢٠١٠/١٢/١ بڕیارماندا بە دەركردنی :

## یاسای ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠١٠
## یاسای هەمواركردنی یەكەمی یاسای بەكرێدانی خانووبەرە لە هەرێمی كوردستان – عیراق ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٨

**ماددەی یەكەم :**

بڕگەی ( دووەم ) لە ماددەی ( سێیەم ) لە یاسای ژمارە(٩)ی ساڵی ٢٠٠٨دا هەموار دەكرێ و بـەم شـێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە :

گرێبەستی بەكرێدانی خانووبەرەی بەكرێدراو جگە لە مەبەستی نیشتەجێ بوون كـەپێش جێبـەجێ كردنـی ئـەم یاسایە بەستراوە درێـژ دەبێتـەوە تـاكو ٢٠١٢/٧/١٥ لــە رۆژی جێبـەجێ كردنـی یاسـای ژمـارە(٩)ی سـاڵی ٢٠٠٨وەو دوای تێپەڕبوونی ماوەی ئاماژەپێكراو دەكەوێتە ژێر حوكمەكانی یاسای شارسـتانی ژمـارە (٤٠)ی ساڵی ١٩٥١ی هەمواركراوی كارپێكراو لەهەرێمدا .

**ماددەی دووەم :**

**یەكەم :** حوكمەكانی ئەم یاسایە ئەو داوایانە دەگرنەوە كە لەبەردەم دادگا تایبەتیـەكان بـەپێی یاسـای سـەرەوە بینـراون وبڕیاری یەكلاكەرەوەیان لەبارەوە دەرنەچووە .

**دووەم :** ڕاگرتنی جێبەجێ كردنی ئەوبڕیارانەی لەو داوایانە دەرچوونە كەیاسای ژمارە(٩) ی ساڵی ٢٠٠٨ دەیانگرێتەوە و بڕیارەكانی چۆڵ كردنیان جێبەجێ نەكراوە ، هەتا ٢٠١٢/٧/١٥ .

**ماددەی سێیەم :**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن .

**ماددەی چوارەم :**

ئەم یاسایە لەرۆژی دەرچـواندنیەوە جێبـەجێ دەکرێـت ولـە رۆژنامـەی فـەرمیی ( وەقـایعی کوردسـتان ) دا بڵاودەکرێتەوە .

**مسعود بـارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان - عێراق**

**هـــــــەولـــــێر** :

**٢٦/ کانوونی یەکەم /٢٠١٠ی زایینی .**

**٥/ بـەفــــرانـبـــار /٢٧١٠ی کوردی .**

**٢٠/ محـــــــــــرم /١٤٣٢ی کۆچی .**

## هــۆیــەکـانــی دەرچــوونــی

لەپێناوی سەرلەنوێ رێکخستنی پەیوەندیەکانی نێوان خاوەن موڵك وکرێچی و پێـدانی ماوەیـەکی تـر بـە هـەردوولا بـۆ ئاگاداربوونیان لەبارە یاساییە نوێکانی بە کرێدراو تا کاروباری خۆیان رێك بخەن و ماوەیەکی تەواو بەهۆیەکانی راگەیاندن بدرێ بۆ بلاّوکردنەوەی هۆشیاریی یاسایی لەم بوارە دا بۆیە ئەم یاسایە دەرچووێندرا .